ROJIGEL

پۆستی ئەلکترۆنی:
rojigel@hotmail.com
FAX: 004724136315

نیشانی ماڵپەڕ:
www. rpk93.org

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party of Kurdistan - RPK

August 2005 No:132

خاڵۆ ئەواکس دەڵێ



یەکەم: کۆنە پێشمەرگەیەک کە خۆی لە کوردستان بەرپرسێکی گەورەیە و ژن و منداڵە دێرینەکانیشی لە ولاتێکی ئەورووپادا لەسەر کۆمەکی کۆمەڵایەتی (سۆسیال) دا دەژین، لەم رۆژانە بۆ گەڕانی ئەورووپا سەردانی منداڵەکانی خۆی کردبوو، وتبووی: هەر مەسئولێك ئەگەر لەیەك ملیۆن دۆلار کەمتری هەبێت، من بە مەسئولی نازانم، مەسئولی لەبرسان مردوو ئەگەر لە فکر و نووسیندا فەیلەسوفیش بێت لەلای من و حزبەکەم فلسێکی سووتاو ناهێنێت.

دووەم: بەرپرسێکی باڵا بانگی بەرپرسێکی لەخۆی نزمتری کردبوو، پێی گوتبوو: کاکی برا بۆ خۆت چونکە دەزانی بۆچی من تۆم لەو شوێنە داناوە، نابێت لای برادەران باسی گرنگی پۆستەکەی خۆت بکەی دوایی دەیان کەس لە خزمی بەرپرسە گەورەکان چاو لە شوێنەکەت دەبڕنو بەنوکە قەڵەمێك تۆ لا دەدەن و خزمی بەرپرسێکی گەورە لەشوێنی تۆ دادەمەزرێنن.

سێیەم: بەرپرسێك فەرموو بووی: عێراقیبوونم لە کوردستان لەلا پیرۆزترە، ئەگەر رۆژێ ریفراندۆم بوو بەئەمری واقیع و کوردستان جیابۆوە، من جانتاکەم هەڵدەگرم و دەچمەوە ئەورووپا، چۆن لەولاتێکدا دەژیم کە هەر چوار دەورەی دوژمن بێت.

گەرما.. گەرما

ئا : شیلان



گەرما.. گەرما وەك لەشكریكی بیرەحم رمە ئاگرینەكەی ئاراستەی دەكات، لەم شەپۆلی گەرمایەدا چۆن گوزەر بكەین، چۆن بتوانین لە سانسۆرەكانی گەرما خۆمان دەربازبكەین، چۆن هاولاتیان لە قرچەی گەرمادا پیویستیان بە چوونە دەرەوە هەیە، لیرەدا باسی ئەو ساتانە دەكەین كە هاولاتیەك سواری باس دەبێت ئارەزوویەتی فینكەرەوەكەی بۆ ساتیك لە گەرما بپاریزێت.. بەڵام كوا؟!

بۆچی زۆربەی هەر زۆری شۆفێرەكان فینكەرەوەكانیان قفڵ كردووە؟ ئەی هەستی هاولاتیان چی‌یە.. دەمانەوێت لەم رێپۆرتاژەدا ئەو وەڵامانەمان دەست بكەوێت:

هیوا عەلی: سایەقەكان دەلین بۆ مەكینە خراپە منیش دەلیم دیارە شەریكەكە بەهەڵە داینارە.

هاولاتییەك: ئەگەر داوای فینكەرەوە بكەین دەلین جارانیش هەر فینكەرەوە هەبوو.

تارا: سایەقەكان دەلین ئەم پاسانە بۆ خەتی دەرەوەیە نەك بۆ ئەم هۆسەیەی ناوشار.

ناسكەخان: ئیمە باوەشینمان پییە پیاوانیش كەیفی خۆیانە

هاولاتییەك: من لەمالەوە لەتاو كارەبا برانی لەپر ناتوانم بخەوم بۆیە بۆچارەسەری ئەم كیشەیە خاوەن پاسیكی بەویژدان فینكەرەوەكەی هەل دەكات منیش لەپاسەكەدا سەرخەویك دەشكینم.

سایەقیك:

كاتیك كە فینكەرەوەكە هەل دەكەین هاولاتیان جامەكان دەكەنەوە لەم كاتەدا هیچ سوودیكی نابیت.

سایەقیك:

بۆخەتی دەرەوە هەلبكریت باشترە وەك لەناو شار

سایەقیك:

لەبەرئەوەی سوتەمەنی زیاتر سەرف دەكات ئیمەش لە بەنزینخانەكان بریكی كەممان بۆ سەرف دەكریت. كەواتە بەشی هەلكردنی فینكەرەوەكان ناكات رۆژانە هاولاتیان گلەیی و گازندەی ئەوە دەكەن بۆیە دەبێت حكومەت ئەم كیشەیە چارەسەر بكات (وەك ئەو كیشانەی چارەسەركراون) دەنا ئەم كیشەیە بە ئیمە چارەسەر ناكریت.

بەخوا منیش خەریكە ئەپروكیم لە گەرما، هاولاتی بۆ ماوەیەكی كەم لە پاسەكەدایە و دەروات بەڵام من ناتوانم پاسەكە بەجیببهیلم چونكە سەرچاوەی بژیویمە.

خوشكە خاكی:

ئەو ئازادییەی خەوت بۆ دیوە، نەهاتۆتە دیو منیش نەمدیوە

ئا/ مەریوان

خاکی نازناوی پاکیزە عەبدولقادرە، لە شاری بەغداد لە دایك بووە، بەڵام لە شاری سلیمانی پەروەردە بووەو قۆناغەکانی خویندنی بریوە لە سالی ١٩٨٦- ١٩٨٧ لە زانکۆی سەلاحەدین کۆلیژی ئادابە بەشی زمان و ئەدەبی کوردی تەواو دەکات رۆژنامەگەمان بە پیویستی زانی دیدارێکی لە تەکدا ئامادەب بکات، سەرەتا لە وەڵامی پرسیارێکدا لە بارەی میژووی دەستپێکردنی بە نوسینی شیعر، خوشکە خاکی وتی: ناتوانم بڵیم لە چ سالێکەوە شیعر ئەنووسم، بەڵام وەك بیرم بیت لە قۆناغی ناوەندیدا ئەو ئارەزووەم لا دروست بوو، پاشان لە قۆناغی ئامادەیدا بە هاوکاری مامۆستای بەریز بە دیعە تارتاش زیاتر بەهرەم دەرکەوتو هانیدام بۆ ئەم بواروە شیعری لە رۆژنامەی ئەو کاتەدا بۆ بڵاوکردنەوە، دواتر لە زانکۆ کۆمەڵێك ئەدیبم ناسی بە تایبەتی مامۆستای کۆچکردوو کامەران موکری شاعیر زۆر هانیدام، لە دوای تەواوکردنی قۆناغی زانکۆ دیوانە شیعریکم بە چاپ گەیاند بە ناوی دیوانی خوشکە خاکی.

رۆژی گەل: شیعر لای تۆ چی دەگەینێ؟

خوشکە خاکی: شیعر لای شاعیرو غەیری شاعیریش ناتوانرێ بە دیریك پیناسە بکرێو بە خالیك کۆتایی بێت، هەر شاعیریك بۆ شیعر ئەروانێ، رەنگە لای شاعیریك ژیان بێت، لای من ئەگەر شیعر نەبێت وەك ئەوە وایە چیشت خویی نەبێت، شیعر کۆمەڵ رۆشنبیرو وریا دەکاتەوە هەروەها چیژیش ئەبەخشێ، یان شیعر پرسیار دروست دەکات، وەکو مەولەوی دەڵێ: "لەم هاتووچوونە لەم هاتووچوونە– سەرم دەرناچێ لەم هاتووچوونە" ئەوە پرسیارە، فەلسەفەیە، بۆچی دین بۆچی ئەرۆین؟

رۆژی گەل: تایبەتمەندی دەنگی ژن وەکو پیویست لە شیعردا دەرناکەوێ بۆ؟

خوشکە خاکی: ئافرەت بەهیزە، نەك لە شیعردا لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا بەڵام خۆی دەرناخات، خۆی بیهیز دەکات، خۆی تایبەتمەندی دەنگی خۆی دەشاریتەوە، من وتارم لە سەر ژن نووسیوە، سەلماندوومەو وتومە دکتۆر بیت، دکتۆرم وە هەروەها، کەواتە هیچی کەمتر نییە، وە هەستی ناسکی هەیە بەڵام بەهۆی دواکەوتنی کۆمەڵەیەوە خۆی دەشاریتەوە واتە ژینگە دەور دەبینێ، ئەگینا ئافرەت خۆی کەم دەردەکەویت ئەگینا دەرکەون، سەردەکەون.

رۆژی گەل: ئەوتری شیعر خوێنەری نییە؟

خوشکە خاکی: ئەو شیعرە خوێنەری نییە کە ئینسانی نییەو لە ناخی کۆمەڵ نادوێ، یان ئەو شیعرەی کە تەمو مژاوییە، ئەگینا من بە پێچەوانەوە ئەبینم لەم سەردەمی خێرایی‌یەدا کێ وتاری دوورودرێژ دەخوێنێتەوە.

رۆژی گەل: ئەتوانی شیعرێکی خۆتمان بۆ بنووسی لە ناخی کۆمەڵ بدوێ.

خوشکە خاکی: لە ناوەڕاستی نەوەدەکان کە بە سالانی قاتو قڕیو گرانییەکە بەناوبانگە چوومە بازاڕ شت بکرم، لەگەڵ فرۆشیاریکدا مامەلم دەکرد لە ئەنجامی قسەو گفتوگۆدا وتم من ئەندازیارم، منیش لە سەر شیعریکی فایەق بێ کەس وەڵامم نووسی بەم شیوەیە:

بێ کەس تۆ ئەتوت خەیالتان خاوە
بەراتی نەجات بە خوین نووسراوە
هەر نەهاتە دی ئەمرۆ دەستو برد
ئەو ئازادییەی کە باست دەکرد
هی وامان تیایە ورگی دڕاوە
وا لە ناو پارەدا نوقمە، خنکاوە
هی واشمان تیایە مانڵ چوو بە تاڵان
کۆنە ئەفرۆشێ لە کووچەو کۆڵان
کوردستان پڕە لە رووتو هەژار
راستە سانڵ بە سانڵ
سەد خۆزگەم بە پار
ئێستاش وەك ئەوسا زانین زیللەتە
هیچ سوودی نییە بۆ ئەم میللەتە
هەر ئەندازیارەو وازی هێناوە
بۆ کاری سەربەست قۆڵی تێناوە
مامۆستاش ئێستا زۆر بەشی خوراوە
تەنها ناوەکەی وەکو خۆی ماوە
رەنجی شەهیدەو تاقمێ ئەیبا
راستە گاکردیو بەڵام کەر ئەیخوا
کاکە بێ کەس گیان دەردمان گرانە
ناچارین پشتمان دا بە بێگانە
بەسکی تێرو بە سکێ برسین
کاکە فایەق گیان ئێمە بێ کەسین
ئەو ئازادییەت خەوت بۆ دیوە
نەهاتۆتە دیو منیش نەمدیوە

وتی: حەوایەك نییە كوریكی گەیویی خۆش بوێ!؟..

حەمە شوان شەریف ـ سوید

وتی
منم پیرترین درەختی ئەم وەرزە بالوەریوانە
منم نیگاکانم سیبەریک بوو
بەپیوە وەستاو
خەمناک دەیروانیو
دوور دوور هەر نەگەیتە دلی چەمیک!
پیش خۆلەمیشیکی کۆکراوە بووم‌و با
لە روخساری دەنگیکی هەلدەسویم
تاویک دەبووم بە پەیکەریک
دەمیک دەبووم بە هەوریک‌و
بە ئاستەمیش نەدەباریم–
دلم سندوقیکی پۆست بوو
خالی لە رق‌و بە تاڵ لە نامەو
پر پر لە مەراق‌و رژاو لە بینین.
وتی:–
سەرم گویزیکی گەیوو بوو
بۆ بەهەشتی ئەوینیک
بەداخەوە گەیوو بەو درەختەوە
تا ئیستاش دەلەریتەوەو نەوەریوە!
چاکوا!؟ حەوایەک کوریکی گەیووی ئەوێ‌و
بە سیبەریەوە دەنووسێ‌و
سەرمایی نابێ بە نەبوونیی‌و
شتێ نالێ نەبێ بەبرین‌و تا بەیانی تلت پینەدا
بۆ باوەشی نائومیدی
چاکوا!؟ تۆ لە تەلاری ئەوینم
سەرخەویکت شکاندوەو ئاوی دلمت خواردتەوە
تۆ
تا کەلاوەی سامان‌و
ئەوینی زرو ریشی پیکەنین‌و ویسابێ
کوا لە مالی مندا قومێ ماچت داوە بە من

کوانێ؟ بۆ لە دوامەوە لەشی رژاوو دلی وەریم
ناخەیتە بەر چینەیەکەوە
بۆ؟ لە ئاسمانیکی رەش داگەراودا
چاویلکەکەشمت بە دیاری برد
بۆ؟ ئەوەندەش من بیری لیدەکەمەوە!،!
کە تۆ تۆزێ ژووانیکم نەتەکینی!
هەر ئیستا
دەستم لقی گێلاسەو هەناسەم شوشەیەکە
پڕ لە هەڵم
چاوم لە بنی دوو فنجانەی قاوەیەکی بەجێماو
ئەچێ
خۆم دەبمە قەرەچۆ
هەڕ خۆم رانەبردوی خۆمی تیا دەخوێنمەوە
کە چۆن لە ئایندەدا پێم خاوسدەبێ
بە سەر پشکۆ سارەدەکانی بێدڵدەیم‌و
بە سەر چاوی ئێوارەیەکەوە
ورد ورد دەتوێمەوەو لە ئاونگێکیش ناچم
لە کاتی توانەوەمدا بۆ رووانین.
بە تۆ چی!
لە سەر پشتم گوڵێ دەڕوێ‌و
لە موشیما تۆزێ خۆڵ‌و
لە یادانشتما شێرە بەفرینەیەکی نەتواوەو
لە خەونیشما دراستانی شیعری نەشکاوەو
لە کۆڵانما دار ترێیەکی سور رواوە
بۆ شەرابی سەبووریم
بە ئێخەمدا هەڵواسراوەو لێینووسراوە
نۆبڵی برد لە ئەویندا.
جا بە تۆ چی؟
ئێوارەیەک تێکەڵاوی هەوریک دەبم
ئەویش وەک تۆ دڵی من بکاتە بالای هەڵم
بەڵام من ناتوانم ئەو هەڵمژم
با ئەو من بکا بە باران
ئەی هاوڕێ گیان بەر لەوەی تۆ پێبزانی
وەک پەپوولە
لە سەر لێوی وێنەکەی ئەو دەنیشمەوە
بەم ئێوارە
هەر بە رێکەوت
خەریکی برینی تاڵە سپیی‌یەکانی سەرم بە
منیش بۆ خۆم وا خەریکە
لە نێو دولێوی ئەستووری ئەودا
باڵەکانم پێوەدەبێ‌و دەمباتەوە بۆ بینینی
یەکەم بینین..
ئەم جارەش بە دەنگێکی تێکشکاوەوە وتییەوە:
حەوایەک نییە کوڕێکی گەیوی خۆش بووێ..؟!

ژوانگە

ئەگەر

ئاکۆ مەجید

لەوەتەی باندە تیرۆریستیی‌یەکەی شێخ زانا دانیان بە تاوانەکانیان ناوە، شەوانە بیر لەوە دەکەمەوە ئەگەر (شێخ زاناو ملازم دلێرو ئەژیو کارۆخ‌و وەستا فاریق‌و ئەوانی دیکە) رۆژێ لە رۆژان ئەندامی حزبی زەحمەتکێشان، حزبی رزگاری، یەکگرتوویی ئیسلامیی یان هەر لایەنێکی دیکە بوونایە، داخۆ ئێستا چ کارەساتێکی گەورە بە سەر سکرتێرو ئەندامانی سەرکردایەتی ئەو حزبانەوە دەهات‌و چارەنووسی ئەو لایەنانە لە چ پەراوێزێکەوە لەنگەری دەگرتەوە؟؟ بەڕاستی مرۆڤ ناتوانێت پێشبینی راست‌و دروستی ئەگەرو گریمان بکات، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەگەر یەکێك لەو تاوانبارانە ئەندامێکی لایەنێکی تری دەرەوەی دەسەڵات بووایە، ئەمڕۆ بە بڕیاری دادگە ئەو لایەنە هەڵدەوەشێنرایەوە، بە بڕیاری وەزارەتی ناوخۆ سەرکردەکانیان راپێچی ئاسایش دەکران‌و میواندارییان لێدەکرا!! بە دوژمنی گەل‌و دوژمنی دەستکەوتەکانی راپەڕین، بە سیخوڕی داگیرکەران‌و دوژمن حکومەتی هەرێم دادەنران‌و لە زیندانا توونڈ دەکران، دەبوایە تا نەفخی سوور هەر یالیلی بڵێین، هەموو خەڵك دەزانێت شێخ زانا‌و مولازم دلێرو زۆربەی هاوکارەکانی دیکەیان ئەندام یان دۆستی نزیك لایەنێك بوونە، لە لایەن دەسەڵاتدارانیشەوە کارئاسانییان بۆ کراوە، ڕێزیان لێگیراوەو خەڵات کراون، هەقە ئەو لایەنە لانی کەم لێپرسینەوە لەگەڵ دۆستە نزیکەکانی گەورە تاوانباران بکات، گریمان کەسانی تیرۆریست‌و تاوانبار دەتوانن بە خشکەیی لە ناو لایەنێکی گەورەدا جێگەی خۆیان بکەنەوە‌و تا ماوەیەکیش نەکەونە بەر چاوانەوە، بێگومان ناکرێ رێکخراوو لایەنێك بە ئاگری چەند ئەندامێکیانەوە بسوتێنرێن، بەڵام ئەمەش واتای ئەوە نییە کە دیزە بە دەرخۆنە بکرێ‌و قورپو قەپی لێبکرێت، دیسانەوە دەڵێم خودای ڕەبولعالەمین سەد شوکر کە ئەو تاوانبارانە ئەندامی لایەنێکی دەرەوەی دەسەڵات نەبوون، ئەگەر نا ئێستا خاکیان لە تووڕەگە دەکراو سورگوم دەکران.

چرپە

شیلان

لەگەڵ شەو دێ
پەیتا پەیتا ئەستیرەکان
دینە سەردان‌و
میوانم، پۆل پۆل کە دین
هەوالی بێ تۆیم لیدەپرسن
نییە جاریك
هەوالیکی دڵخۆشکەریان پی بسپیرم.
لە دوای ئەوان
مانگ بە خۆی‌و جوانییەوە
بووە میوانم
بە شەرمەوە ڕووی جوانییەکەی
بۆ وەرگیرام
ئەستیرەکان بە شەرمەوە
جوانییان پیا نارد
ئیمە دیمان تەرمیکی تر
وەکو مەسیح
چوو بۆ ئاسمان